تاسەی گۆرانی گوتن لە ئامەد دەكات

خانمە هونەرمەند گولێ:

# ئەلبووم و كلیپ پردی پەیوەندی نێوان هونەرمەند و جەماوەرە



خانمه هونەرمەند (گولیێ) کە لە ١٥ی ڕێبەندانی یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانی سـاڵی **١٩٨٣** لەقەزای (خنس)ی سـەر بەشـاری ئەرزەڕۆم، هەرێمی سەرحەد- ی باکووری کوردستان لەدایکبووە، قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیی و دواناوەندیی هەر لەخنس تەواو کردووە و قۆناخی زانکۆشی لەشـاری ئەدەنە بڕیـوە و توانیویەتی کۆلێـژی ئابووری تەواو بکات. دواتر روویکردۆتە ئەوروپا و ماوەی ١٠ سـاڵە لەشاری بەرلین- ی پایتەختی ئەڵمانیا جێنشینە و ئێستاش ئەندامی هەریەك لەکۆما بەرخودان و ئەنیستیتۆی کوردییە لەبەرلین.

گولیێ، هەر لەمنداڵییـەوە خولیاو ئارەزووی هونەری جولاوە و لەسـەر شـانۆ گۆرانی چڕیوە. سەرەتا بەمۆزیك و سـترانی تورکی دەستی پێکردووە، ئەمەش بەحوکمی ئەو ژینگەیەی تێیدا پەروەردە ببوو کە ئەوکات کەسـێك نەبووە بەزمانـی دایکی بپەیڤێت. بۆیە هەر زوو خووی داوەتە بەر فێربوونی زمانی کوردی و، کاتێك هاتە ئەوروپاش زەمینەی هونەری زیاتر بۆ رەخساوە، هاوکات ئیمکانیاتی هونەریشی زیاتر بۆ فەراهمکراو بوو. بۆیە روونیکردەوە کە لەمنداڵییەوە ئاشـقی دەنگی ئایشەشان و مەریەم خان و شەهید مزگین بـووە و لەژێر کاریگەری هونەرمەندان نیزامەددین ئاریچ و شڤان پەروەر، سـەزەن ئاکسۆ و بەلقیس کایا دەستی داوەتە بەر گۆرانی چڕین. بۆیە گوتی: "ئەو زاتە بەرز و پیرۆزانە پێگەیەکی گەورەیان لەدڵی مندا هەیە و وزەی شاراوەی نێو ناخی هونەری منن".

دواتـر هەر لەوڵاتی ئەڵمانیـا توانیویانە لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی دیکە (کۆڕی گەلەری کوردی) دروسـت بکـەن، کە بۆ ماوەی پێنج سـاڵ بـەردەوام بوو، چەندین چالاکیشـیان پێشکەش کرد کە گرنگترینیـان بەناوی (کۆما کەسـك و سـۆر) بوو. تـا لەسـاڵی ٢٠٠٢ دا تەڤلـی نێو پێشـبڕکێی مۆزیکـی میدیـا تیڤی بوو، کە لەهەر سـێ بەشی (گەلـەری، گۆرانیبێژان و مۆدێـرن) پێکهاتبوو. بەڵام لەبەرئەوەی ئەو زێدەتر حەزی لەمۆزیکی گەلەری دەکرد و خۆی لەو بوارەدا دەبینییەوە چونکە زیاتر لەگەڵ نۆتەی دەنگی خۆیدا دەگونجا بۆیە بڕیاریدا تەڤلی نێو بەشـی گەلەری بێت، تا کوچانسی وایهێنا پلەی یەکەم لەپێشبڕکێکەدا بەدەستبێنێت و خەڵاتی سێدی کۆمپانیای (میر پرۆدکسیۆن) بۆخۆی قازانج بکات و ئەلبوومێکـی گۆرانی بەناوی (بەژنیێ) و کلیپێکیش بۆ یەکێك لەگۆرانییەکانی تۆمار بکات، کە پاشان کۆمپانیای (ئایـدن مۆزیـك) لەتورکیا بۆی بڵاوکـردەوە. دوای ئەو سـێدییەش ناوی خۆی خزاندە نێـو کۆمەڵەی گۆرانیبێژە کـوردە بەناوبانگەکانـی ئەوروپـا و تائێسـتاش چەندین کۆنسـێرتی لەوڵاتانی ئەوروپا سـازکردووە. خوازیاریشـە بەهاوکاری کۆمپانیای میر پرۆدکسیۆن کلیپێك لەباشووری کوردستان بەرهەم بێنێت. ئێستاش ئامادەکاری بۆ دەرخستنی دوا ئەلبوومی خۆی دەکات کە بەنیازە بەستایلێکی هونەری جیاواز بەرهەمی بێنێت.

دوای ١٠ سـاڵ ژیانکـردن لەتاراوگە، خۆشـترین کاتی گولیێ ئەوەبوو کاتێك لەرێی فرۆکەخانەی هەولێرەوە بەچاوی پڕ لەگریانەوە پێی ناوەتەوە نێو خاکی کوردستانەوە، کە بۆ ئەو هەسـتێکی زۆر تایبەت و جیاواز بوو. ئەمەش بەمەبەستی سازدانی کۆنسێرتێکی گۆرانی بۆ پەنابەرانی باکووری کوردسـتان لەوارگەی مەخمـوور. هاوکات ئەو ئاماژەی بەوەشـدا کـە زۆر بەبینینی دیمەنـی هەولێر و خەندەی سەرلێوی منداڵانی کوردستان کاریگەر و سەرسام بووە. بۆیە گوتی: "بەهیچ شـێوەیەك ناتوانم هاتنم بۆ نێو خاکی کوردستان لەسەر زمانمدا گوزارە بکەم، چونکە هەم خۆشییە و هەمیش خەمگینی. بۆیە ئەو گەرموگوڕییەی لێرە بـەدی دەکرێت لەماوەی ١٠ سـاڵی ژیانم لەئەوروپا نەمبینیووە. بەهەمان شـێوە کاتێك لەسەر تەختی شانۆشدا جۆش و خرۆشی جەماوەری تینووی هونەر دەبینم هەمدیسان دەگریـم، لەبەرئەوە توانیومـە پەیوەندییەکی رۆحی قوڵیان

**خۆزگەی ئەوە دەخوازم بمتوانیبایە بۆ تەنها جارێک بچمە نەورۆزی دیاربەکر و تەنیا گۆرانییەک لەسەر شانۆ بەزمانی دایکم بچڕم. پاشان ئەگەر مردیشم هەوجان نییە**





لەگەڵدا گرێبدەم".

گولێ ئاواتەخوازە سەردانی شاری ئامەد بکات تا بەدەنگە زوڵاڵەکەی سۆز و موحیبەت و ئاوازی کوردەواری بباریێنی و پایەتەختی مەعنەوی کوردان تەشویق بکات. بۆیە گوتی: "کاتێك ساڵانە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆندا سەیری ئاهەنگی نەورۆزی شاری دیاربەکر دەکەم بەتەواوی دەخرۆشێم، ئەوکاتانە خۆزگەی ئەوە دەخوازم بمتوانیبایە بۆ تەنها جارێك بچمە نەورۆزی دیاربەکر و تەنیا گۆرانییەك لەسەر شانۆ بەزمانی دایکم بچڕم. پاشان ئەگەر مردیشم هەوجەیان نییە. لەبەرئەوە ئێستا لەسەرانسەری دنیادا دەتوانم گوزەر بکەم و کۆنسێرتی هونەری رێکبخەم جگە لەتورکیا و تەنانەت زێدی خۆشم نەبێت، کە بۆ چەند هونەرمەندێکی وەکو ئێمە بڤە و یاساغە".

گولێ، کە ستایلێکی ژنانە لەبەرهەمە هونەرییەکانیدا رەنگی داوەتەوە، تەگەرە و ئاستەنگی زۆری بینیوە تا لەرووی هونەرییەوە خۆی بنیادناوە. بۆیە دەڵێت: "لەهەرێمێکی پاشڤەرۆی وەکو ناوچەی سەرحەد کارێکی ئاسان نییە ژن بێتە نێو کار و خەباتی هونەری بەڵکو پێویستی بەجەسارەتێکی گەورە هەیە بەتایبەتی لەنێو کۆمەڵگایەکی فیوداڵ و سونەتیدا کە دابونەریتی عەشائیری تێیدا زاڵ بێت شوورەییە ژن بێتە سەر تەختی شانۆ و گۆرانی بڵێت، هەرچەندە ئەم هەقیقەتە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا بەدی دەکرێت، بەڵام رەنگە هەرێمی سەرحەد لەهەموویان داخراوتر و سونەتیتر بێت، ئەمەش بەهۆی تردایسیۆن و کاریگەری ئایین لەناوچەکەدا". بۆیە ژن دەبێت جەسارەتێکی گەورەی هەبێت بۆ کاری هونەری. ئەو شوێنەی ئەو تێیدا دەژیا لەرووی کۆمەڵایەتیشەوە بۆ ئەو تەگەرە و ئاستەنگ بووە، هەندێ دابونەریتی فیوداڵی ناچاریان کردووە کە بەگوێرەی ئەو نۆرمانەوە هەڵسوکەوت بکات، بەڵام هەروەك خۆی هێمای بۆ کرد کە لەم رووەوە چانسی هەبووە، لەبەرئەوەی بنەماڵەکەمان زۆر سنگ فراوان و کراوەبوون و هەمیشە هاوکاریان کردووە بۆئەوەی گەشە بەتوانا هونەرییەکانی خۆی بدات، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەئاهەنگێکدا توانی لەبەرامبەر هەزاران کەس گۆرانی و مەقام بڵێت، ئەمە بووە مایەی خۆشحاڵبوونی هەموو خەڵکی دەڤەرەکە. لەبەرئەوە گوتی: "دەخوازم هەموو ژنانی کورد، بەتایبەتی ژنانی سەرحەد وەکو من ئازا و رچەشکێن بن..!! ". کاتێکیش لەساڵی ١٩٩٥ هاتۆتە ئەڵمانیا زەمینەیەکی فراوانتری بۆ رەخساوە تاکو بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ و زانستیانەتر برەو بەتوانا هونەرییەکانی خۆی بدات.

گولێ لەنێو ئەندامانی خێزانەکەیاندا هەردوو خوشك و براکەشی موزیسیەن و گۆرانیبێژن. هەروەك دەڵێت: "خوشکەکەم کە سێ منداڵی هەیە، دەنگی زۆر لەمن خۆشترە بەڵام لەبەر ماڵداری ناتوانێت زۆر بپرژێتە سەر کاری هونەری. براکەشم هەروا. جگە لەوەی کورە خوشکەکەشم ژەنیارێکی زۆر لێهاتووە و ئامێری تەمبوور لێدەدات و گۆرانیش دەڵێت". لەهەمووشی بۆ ئەو گرنگتر هاوسەرەکەشی ژەنیار و گۆرانیبێژە. بەڵام خۆی شارەزایی لەژەنینی هیچ ئامێرێکدا نییە. هەروەها لەبارەی دایك و باوکییەوە دەڵێت: "دایکم ژنی ماڵەوەیە و کابانێکی بەتوانایە

و باوکیشم فەرمانبەرێکی خانەنشینە. مـن لەتەمەنی منداڵیمدا لەزۆر شت مەحروم بوومە بـەڵام هیچ کاتێك لەخۆشەویستی ماڵەوە مەحروم نەبوومە".

سێدی گۆرانییەکانی گولیێ بەناوی (بەژنێ) لەمانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٤ لەفێستیڤاڵێکی هونەری و کولتووری شـاری کۆڵن لەئەڵمانیا بڵاو بووەوە. دوای دەرخستنی ئەو ئەلبوومـەش، کارەکانی لەئەورووپـا و ئەمریکا و تورکیا و هەرێمی کوردسـتان ڕووی لەزیادبوون کرد و ناوبانگێکی گەورەی پەیداکرد.

ئەلبوومی (بەژنـێ) چەندین گۆرانـی میللی لەخۆ دەگرێت، کە گولیێ لەکۆکردنەوە و پاراسـتنیان لە مەترسی لەناوچـوون ڕۆڵی بینیـوە. جگە لەوەی ئـەو ئەلبوومە لەهەڵبژاردنـی گۆرانییەکان تایبتمەندی چەندین ناوچەی هەرێمی کوردسـتانی لەخۆ گرتووە. وەکو گۆرانی (نینا) بەزاراوەی زازایی و گۆرانی (ئەی خودا) بەزاراوەی سۆرانی و گۆرانی (وایلێ) بـەزاراوەی چەولیك. بۆ ئەنجامدانی ئـەو کارانەش چەندین کەسـایەتی و هونەرمەندی بەتوانا یارمەتیانداوە.

هـەر لـە ئەلبوومـی بەژنـێ-دا، بەشـێکی زۆری گۆرانیەکانیشـی کلیپ کردووە، کـە لە ٨ کلیپ پێکدێن و لەوانە ٦ کلیپیان لەکوردسـتان وێنەی گیراوە. لەمبارەیەوە گولـیێ پێیوایە ئەلبـووم و کلیپ پـەردی پەیوەندی نێوان جەمـاوەر و هونەرمەندانـە و گۆرانیـش پتـر بە کلیپ دەناسرێت. هەروەك بەئەسـەفەوە گوتی: "کلیپەکانی ئێمە ناگاتە هەموو شوێنێك، بەڵام بەسایەی کلیپ و تەلەڤزیۆن مرۆڤ دەتوانێت بگاتە نێو جەماوەر".

لەبارەی کارەکانی ئەلبوومی دووەمیشییەوە، گولیێ گوتی: "جگە لەمن بەشـێکی زۆری هونەرمەندان هەمان کێشەیان هەیـە، لەبەرئەوەی لەڕێگەی ماڵپـەڕەکان و کۆپیکردنی سیدییەکان ئەلبوومەکان هیچ ئەرزشێکیان نامێنێت. من بۆ ئەلبوومـی دووەمم کارێکی زۆرم کردووە، بەڵام لەکۆتاییدا لەبەر خراپی ڕەوشـی ئابووری، نەمتوانیوە کارەکانم بەرهەم بێنم و بیگەیێنمە دوا ئاکام. بێگومان زۆربەی هونەرمەندانی کورد بەدەست ئەم هەلومەرجەوە دەناڵێنن، لەبەرئەوە وایلێهاتووە دوای بڵاوبوونـەوەی ئەلبوومـی گۆرانییەکان ئیدی وەکو پێویسـت نافرۆشێت و مافەکان پارێزراو نابن. بۆیە من لەو مینبەرەدا داوا لەسـەرمایەدارانی کـورد دەکەم لەڕێگای کۆمپانیاکانیانەوە یارمەتی هونەرمەندانی کورد بدەن".

گولیێ هەلومەرجی مۆزیك و گۆرانی کوردی لەئەورووپا بە "باشە" وەسـفکرد بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێ بەرهەمی ئۆرژینال ئامـادە بکەن، هەروەك پێیوایە مۆزیکی کوردی بە بەراورد لەگەڵ سـاڵانی ڕابـردوو هەنگاوی بەرچاوی هاوێشتووە و زۆر پێشکەوتووە، بەڵام دەڵێت: "ئەو پێشکەوتنە نەگەیشـتۆتە ئاسـتی ستانداردی جیهانی. بەڕای من ئـەو بابەتە گفتوگۆی زۆر هەڵدەگرێـت. جگـە لەمانەش ئەگەر هونەرمەند لەبواری مۆزیکدا خۆی بە باشـی ئامادە نەکات ئەوا هەوڵەکانـی نـاکام دەبن و لەئاستی هونەری کوردیش کەم دەبێتەوە".

بۆیە لەبارەی پرۆژەکانی داهاتووییـەوە، گولـیێ ڕایگەیاند ئەگەر هەلومەرج لەبار بێت ئەوا ئەلبوومێکی تـازە ئامـادە دەکات، بـەڵام گوتیشـی: "ئەگەر زەمینەسـازی نەبێـت ئەوا ناچارم بەشـێواز و فۆرمی جیاواز درێژە بەکارەکانم بدەم و کلیپی تازە ئامادە بکەم".

ناوبـراو لەکۆتایـی ئاخاوتنەکانیـدا ئومێـدی خواسـت هەمـوو کـە هونەرمەندانی کورد پێکەوە لەپێنـاو کاری جـوان و ئەفراندنـی هونەریـی و سـەربەخۆیی کوردسـتاندا کار بکەیـن. گوتیشـی: "دەخوازم لەبواری مۆزیکدا لەڕیـزی ١٠ هونەرمەندی زۆر بـاش و پلەیەکدا بم". هاوکات ڕاشیگەیاند ئەگەر لەکوردسـتاندا داوەت بکرێ ئـەوا ئامادەیـە لەهەولێر و دهـۆك و سـلێمانی و کەرکـوك و هەموو شـار و شارۆچکەکانی کوردستاندا کۆنسـێرتی هونەری سـاز بکات. جگە لەوەش پێویستە بگوترێـت وەکو یـادەوەری ناوبـراو سـێدیەك و چەند وێنەیەکـی نایابـی خۆی بەدیاری پێشکەش کردین.





## خانمە گۆرانیبێژی کوردی سۆلیست، ئایفەر دوزداش:

# مۆزیکی کوردی لە لێواری خنکاندایە

یەکەمین سۆلۆی موزیکژەنی کورد خانم ئایفەر دوزداش کە ساڵانێکی زۆرە لە تیپە جیاوازەکانی سەربە ناوەندی چاندی میزۆپۆتامیا خەبات دەکات، لە ماوەیەکی کورتدا دەکەوێتە بازاڕەوە. ئایفەر دوزداش لە ساڵی ١٩٩٦ لە ناوەندی چاندی میزۆپۆتامیا پەروەردەی موزیکی بینیووە، لە ساڵی ١٩٩٨ لە پەیمانگای هونەری (بەدەوپەرایی) پەروەردەی لەسەر ئامێری کەمانچە بینیووە. دوای ئەم پەروەردەیە بۆ ماوەی دووساڵ لە تیپی (ڤەنگە سۆدری) کە بە زاراوەی زازایی کار دەکەن، کاری کردووە، هاوکات لە تیپی یاسەمین لەگەڵ (١١) ژنی دیکەدا پێکهاتووە، بەشداریدەکات. هەروەها لە دەرخستنی ئەلبوومی بەناوی (وایر) بەزاراوەیی زازایی بەشداری تێداکردووە، ئایفەر دوزداش لە ئەلبوومی تازەیدا چیرۆك و ئێش و هەستی کوردان لە هەر چوارپارچەی کوردستان لە خۆ دەگرێت ئایفەر چیرۆکی خۆی لەگەڵ موزیك و ئەلبومەکەی بەمشێوەیە باس بکات.



*** پێشتریش لە تیپی موزیکی ناوەندی چاندی میزۆپۆتامیا، چەندین خەباتت ئەنجامداوە، تۆ دەتوانی سەرگوزشتەی خۆت لەگەڵ هونەر بە کورتی باس بکەی؟**

- من لە ساڵی ١٩٩٦ بۆ ماوەی ساڵێك بەشداریم لە فێربوونی وانەی ژەنین سازکرد، لەلایەن ناوەندی چاندی میزۆپۆتامیا، دوای ئەوە بەشداریم لە کردنەوەی تیپی (ڤەنگە سۆدری) کرد دوای ئەمەش لە دامەزراندنی تیپی یاسەمین بەشداریم کرد هاوکات لە بەشێکی زۆری ئاهەنگ و بۆنەکان لە دەرەوەی ئەوروپا بەشدار بووم، من لە میانەی ئەم بەشداریکردنانەم گۆرانی رەسەنی کوردیم گوتووە، بەتایبەتی ئەو گۆرانییانەی کە کراونەتە تورکی یاخود بە زمانی تورکی دەوترێت.

ئەگەر باس لە ئەڵبوومی سۆلۆ بکەین تۆ لەگەڵ چەندین تیپی باش کارتکردووە. بەڵام ئێستا بە تەنیا کار دەکەیت و ئەلبوومی سۆلۆ دەردەخەیت.

*** دەتوانیت لەبارەی ناوەرۆکی ئەلبوومی سۆلۆ شارەزا بین؟**

- بەراستی ئەو کاتەی من لەگەڵ ناوەندی چاندی میزۆپۆتامیا کارم دەکرد بیرم لەوە دەکردەوە ئەلبوومی سۆلۆ دەرخەم هەروەها تیپەکان بۆ من بوونەتە ئامرازێك بۆ ئەمکارە، کارکردنم لەگەڵ ئەم تیپانە ئەزموونێکی باشی پێبەخشیم، دەتوانم بڵێم بۆ من وەکو قوتابخانەیەك بوو.

*** بە بۆچوونی ئێوە کارکردن لەگەڵ تیپ یان بەتەنیا خۆشترە، ئەنجامەکانی جیاوازی هەیە؟**

- بەرای من هەردوو شێوەکاریکردن خۆشە و هەردوو لایەنیش ئامانجیان هەیە لەکارکردن، بەڵام کارکردن لەگەڵ تیپ پێویستە مرۆڤ تواناکانی خۆی بکاتە پێنج قات، لەبەر ئەوەی کاری تیپ لەلایەن چەند کەسانێکەوە ئامادە دەکرێت، لەبەر ئەمەش مرۆڤ ناچارە لەگەڵ هەڤاڵانی تیپ یەکێتییەك پێك بێنێ، بەڵام لە خەباتی سۆلۆدا ئەمکارە ئاسانترە، پێویست ناکات هێز و تواناکەت پەرت و بڵاوە بکرێت، ئەمەش لە بواری موزیکدا سەرکەوتنێکی گەورەیە.

*** لە ئەڵبوومی سۆلۆدا ئایفەر زیاتر بایەخی بە گۆرانی چ هەرێمێك داوە، تاکو ئێمە چیرۆکی ئەم هەرێمانە بزانین؟**

- لە راستیدا ناوەرۆکی گۆرانی ئەلبوومەکەی من هەرستی کوردان کە لە هەر چوارپارچەی کوردستان دەژین لە خۆ دەگرێت، مرۆڤ دەتوانێت بڵێ ئەم ئەلبوومە کۆکردنەوەی ئێش و ئازاری هەر چوارپارچەی کوردستانە، ئەلبوومەکە بە گشتی (١٣) گۆرانی لەخۆ دەگرێت، کاتی دەرچوونی ئەلبوومەکە دیار نییە هیوادارم بۆ دوای نەورۆز ئامادە بێت.



*** ئێوە لە بواری ئابووری و تەکنیکدا رووبەرووی چ کێشەیەك بوونەوە؟**

- لەراستیدا ئەو چوار ساڵە کار بۆ ئەم ئەلبوومە دەکەم، ئەمە رەنج و خەباتی چوار ساڵانە لە ناوەندی چاندی میزۆپۆتامیا بەشێکی زۆری هەڤاڵان بەمشێوەیە کار دەکەن، بەتایبەتی هونەرمەندانی ژن زۆر پشتگیریان ناکرێت، خاوەن کۆمپانیاکان بەشێوەیەکی گەرم لە پرۆژەکان نزیك نابنەوە، لەبەر ئەمەش ئێمە لە بواری ئابووریدا بەردەوام لە تێکۆشاندایین.

*** لەم چەند ساڵەی دوایدا ژمارەیەکی زۆری هونەرمەند دەرکەوتوون و ئەلبوومی تایبەتیان دەرخستووە، زۆری ژمارەی ئەم ئەلبوومانە چ کاریگەری لەسەر موزیکی کوردی کردووە؟**

- بەرای من موزیکی کوردی لەم چەند ساڵەی ئەم دوایە لە نێو خنکاندنێك دادەژی و موزیکی کوردی بە موزیکی ئەرابێك چواردەوری گیراوە ئەگەر رەوشەکە بەمشێوەیە بەردەوام بێت ئەوا لە داهاتوودا موزیکی کوردی لە ناو دەچێت.



*** دوای ئەوەی ئەلبوومی تازەتان دەربچێت، بەنیازن بگەرێنەوە نێو تیپەکان لەگەڵیان کار بکەیت؟**

- لە هزری مندا کارکردن لەگەڵ تیپەکان نییە، من لەگەڵ تیپەکان بەشداری ناکەم، ئەگەر پرۆژەی تایبەت هەبێت بەشداری دەکەم، بەڵام من لایەنگری خەباتی سەربەخۆم.

# ئەحلامی عێراقی و خەونی کوردی

فەرزین کەریم

جێی سەرنج بوو کە دەرهێنەری عێراقی- محەمەد دەڕاجی بە حەماسەتێکی زۆرەوە و بەر لە دەستپێکی نمایشکردنی فیلمە سینەماییەکەی خۆی لە بەرواری ٢٠٠٨/٤/٤ لە هۆڵی پێشەوا لە وەزارەتی رۆشنبیریدا، ئاماژەی بە خۆشحاڵی خۆی کرد بە نمایشکردنی فیلمەکەی لە عێراقدا (نەك لە کوردستان!) لێرەدا لە کاتی بینینی فیلمەکە و تا دواتریش، لەگەڵ خۆم کەوتمە مشتومڕ بۆ بەراوردی رەوشی سینەمای کوردی لەگەڵ سینەمای عێراقی لە چۆنیەتی موخاتەبەکردنی جیهانیانەدا. دەشێت بێژین فیلمی ئەحلام یەکەم فیلمی عەرەبی- عێراقیە (نەك کوردی عێراقی) کە بەشێوەیەکی ژیرانە توانیویەتی مامەڵەیەکی جیهانی (نەك خۆجێی و لۆکالانە) بۆ موخاتەب و وەرگر و بەرامبەری خۆی بکات بە هۆی سوود وەرگرتن لەم فاکتەرانەوە:

-١ کەلك وەرگرتن لە پاڵپشتی و سەرچاوەی مادی دەرەوەی عێراق و بەرهەمهێنەرانی بیانی- بەتایبەتیش بەریتانیەکان، کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەم سەرچاوە و بەرهەمهێنەرانە خۆشیان پتر مشوری بەخش و بڵاوکردنەوەی بخۆن، چونکە خەمی گەورە لەدوای مۆنتاژی هەر فیلمێك، پەخش و بڵاوکردنەوەیەتی لە بازاڕەکان و فیستیڤاڵە جیهانیەکاندا.

-٢ ئەنجامدانی بەرهەمهێنانی فیلمەکە( پێش وێنەگرتن- وێنەگرتن- دوای وێنەگرتن) لە زووترین کاتی دوای ئازادی عێراق، ئەو کاتەی کە تەنووری پرسەکە لە هەموو کاتێك گەرمتر بوو بۆ سوود وەرگرتن و، عێراقیش خاڵی هەرە سەرنجڕاکێشی دەنگوباسەکانی جیهانی بوو، خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی بوێرانە و ژیرانەی دیکە بوو لە بەجیهانیکردنی فیلمەکە.

-٣ راستە کە فیلمەکە سینەمایی- داستانییە، بەڵام ئەوەی کە هاوڕاست لەگەڵ دوو فاکتەری سەرەوە و تەنانەت پتر لە ئەوانیش حزمەتی پەیامی فیلمەکەی کردووە- نزیك کردنەوەی رواڵەتی وێنەیی فیلمەکەیە لە بەڵگەنامە و دیکیومێنتار، بۆ ئەوەی زەینی بینەریش نزیك بێتەوە لە بەر ئەوەی کە ئەو وێنانەی دەیبینێت راستەقینە و بە بەڵگەنە، جووڵەی کامیرای سەرشان (کە ئەگەر مونتاژی ژیرانە و زۆر باشی فیلمەکە فریای نەکەوتبایە، جووڵەکان دەبوونە جووڵەی بێ بەرنامە)، لە پاڵ لوکێشنە راستەقینەکانی پاشماوەی شەڕ کە هێشتا دیوار و کوچە و کۆڵانەکانیان دووکەڵ و ئاگری شەڕی لە هەمبێز گرتبوو، پتر فیلمەکەی لە رەوتی بەڵگەنامەیبوون نزیك دەکردەوە...

لە پاڵ ئەم خاڵە ئەرێنی یانەی سەرەوەش چەند خاڵی بەرامبەریش هەیە:

-١ فیلمەکە نەیتوانیوە سێ هێڵ و سێ چیرۆکی ناو ناوەڕۆکی فیلمەکە بەدروستی پێکەوە گرێبدات، بە جۆرێك کە سێ چیرۆك و باریەك ئاوی ئەحلام- دکتۆر مەهدی- حەسەن، لە زۆربەی کاتەکاندا نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی پتەو یەك بگرنەوە و، چیرۆکێکی یەکگرتە وزەیەکی گەورەتر پێك بێنن. ئەم چەندە تا دوایین ساڵی فیلمەکە بەردەوام بوو، ئەم چیرۆکە ناتەواوەش بووە هۆی ئەوەی کە دەرهێنەر بەدوای چارەسەرکردن هان بدات بەڵام تاکۆتایی نەگەیشتە ئەنجامێکی هەژی.

-٢ هەلومەرجی دژایەتی شەڕ لە بەغدا، لە پاڵ ئەوەی کە دەرهێنەر خۆشی بەڕێوەبەری وێنەگرتنی فیلمەکەش بووە، بووەتە هۆی ئەوەی کە نەتوانێت لە زۆر شوێن کۆنترۆڵی کایەی ئەکتەرەکان بکات و لە کۆتاییدا لە زۆر شوێن ( بەتایبەتی لەو گرتانەی ئەحلام بەتەنیا لە شوێنە جیاجیاکانی بەغدا وێڵە) کایەکان لە شێوەیی شانۆیی خۆیان دەنوێنن. جیا لەمەش، رووناکی بەهەر هۆیەك بێت پوخت کاری لەسەر نەکراوە، ئەم پوخت کار نەکردنەش لە هەندێك شوێن بە ئەرێنی لەسەر بە دیکۆمێنت کردنی رواڵەتی وێنەیی فیلمەکە شکاوەتەوە و هاوکاری رەتی گشتی فیلمەکەی کردووە.

-٣ راستە کە ئیلهام وەرگرتن لە کۆمەڵێك راستیی باوو زانراوی شەڕی ئازاکردنی عرێاق کە دەتوانم بڵێم لە هەموو شەڕە گەورەکانی مرۆڤایەتی بوونیان هەبووە و کلێشەنە، سەرنجڕاکێشە، بەڵام نەتا ئەو رادەیەی بە تەواوەتی پشتی پێ ببەستێرت بۆ ئاوێتەکردنی هەستی بینەر لەگەڵ ناوەڕۆکی فیلمەکە بۆ قۆڵاییکردنی بینەر دەتوانرا سوود لە تەکنیکی گێڕانەوەی چیرۆك یاخود بە ئەپیزودکردنی هەر یەك لە چیرۆکە جیاوازەکان یانکو تێکەڵکێشکردنی ژانراوە، ئەدەبییەکان وەرگیرابووایە، لەوانەش تەنز- کە دەیتوانی هەست و سۆزی بینەر پتر بۆ لای کارەساتەکان رابکێشێت، هەر کاتێکیش لە هەندێك شوێنی فیلمەکە سوود لە تەنز وەرگیداوە، کاریگەری ئەرێنی خۆشی هەبووە، بۆ وێنە، کاتێك لەناو پاسەکە دا ئەفسەری رژێم، لە خەودا رادەپەڕێت، بەهۆی دەنگی رێژنەی گوللەی تەقلید کراو لە دەمی گەنجێکی قوشمە- لە پاڵ بزە خستنە سەر لێوی بینەر، پەلار و تەعلیقێکی جوانیش لە چوارچێوەی تەنزدا خرایە روو وهەڵتەکانێکی دیکەی دایە رەوتی چوونە پێشەوەی فیلمەکە، کە بەڵێ، تەنانەت سوپای رژێم لە کاتی حەسانەوەش کابووسی شەڕ دەبینێت و چاوەڕوانی شەڕی تر بێت... لە کۆتاییدا، لە پاڵ خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی فیلمی ئەحلام، دەتوانین بڵێین کە خەونەکانی فیلمی عێراقی، بەو تاکە فیلمەیان لە دوای شەڕی ئازادی عێراق، لە گەیاندنی ویست و پەیامەکەی بۆ بەردەم دیدی جیهانی، زۆری هاتەدی، بەڵام ئایا خەونی کوردیش تا چەندی دێتەدی؟ ئەویش بەهۆی ئەو کۆمەڵە فیلمە دوو ژمارەییەی بە پاڵپشتی حکومەتی هەرێم وێناکراون ، لێرەدا، زۆر لە خەونە کوردیەکان هاتوونەتە دین، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ئەم فیلمە عەرەبیەدا ئێمە لە خاڵێکدا لە دواوەین، ئەویش لە راکێشانی سەرمایەی بیانی بۆ ئەنجامدانی فیلم بە زمانی کوردی و لوکێشنی کوردی و بابەتی کوردی، کە ئێستاکە جیا لە پاڵپشتی لوجستیکی و مادی حکومەتی هەرێم نەمانتوانییوە ئەم کارە مەزنەی پەیوەست بە بواری پیشەسازی سینەمای ئەنجام بدەین.

بە هیوای هاتنەدی ئەم خەونەش، لە فیلم و سینەمای کوردیدا.

